## یەکێتی و پارتی هاوار دەکەن
## "ئەگەر دەتەوێ ئەنفال دووبارە نەبێتەوە دەنگ بدە بە دەستوور!"

**ئەمجەد غەفور**

ghafur@ukonline.co.uk

هەرکەسێ بە چاویکی ئینسان دۆستانەوە بروانیتە وەزعی سیاسی ئیستای عیراق‌و رووداوەکانی بە دوای روخانی رژیمی بەعسی دکتاتۆرو خاوەن ئەنفال‌و کوشتنی بەکۆمەل، تەنها لە میدیاکانەوە بە ئاشکرا دەبینی کە تا ئیستا رۆژانە ئەنفال‌و کوشتنی بە کۆمەل بەردەوامی هەیەو ژیانی خەلکی عیراق لەو پەری مەترسیدایەو دەبیت فریاکەوین‌و رزگار کرێن.

خەلکی عیراق بە جیا لەوەی 30 سال زیاتر دەرگیری رژمیکی فاشی‌و دکتاتۆرو درندە بوو، لە هەمان کاتدا لە ناو جەرگەی جەنگیکی دریژخایاندا ژیانیان بەسەر بردووە، کە هەتا ئیستاش ئەو جەنگە هەر دریژەی هەیە.

هەلوەشانەوەی رژیمی بەعس‌و دام‌و دەزگاکانی لە ریگەی شۆرش‌و دەورو ئیرادەی جەماوەری بەرینی خەلکیەوە رووی نەداوە. تا چاوەروانی ئەوەمان هەبیت بکەوینە ناو ئارامی‌و جیگیری سیاسیەوە، رژیمی صدام لە ئاکامی جەنگیکی کۆنەپەرستانەو هیرشی دەولەتی ئەمریکا و هاوپەیمانانیدا شکستی خواردو لیك هەلوەشایەوە.

خەلکی عیراق، لە سایەی هیزەکانی دەولەتی ئەمریکاو ئەو هیزە سیاسیانەی خۆیان پیا هەلپەساردووە، لە ناو جەنگیکی خویناوی‌و مالویرانکەردان، کە گەورەترین خەسارەت‌و دەردی سەری بەشیانە، ئەو جەنگەی لە روالەتدا شکستی حکومەتی بەعس‌و سەرکەوتنی دەولەتی ئەمریکای لە خۆدا نیشانداوە، بەلام ئەبینین ئەم شەرە کۆتایی نەهاتووەو بەردەوامەو رۆژ بەدوای رۆژ گەرم ترو ترسناك ترو مالویرانکەر تر دەبێت، شکستی حکومەتی عیراق بەهیزبونی ئیسلامی سیاسی‌و دەستەوتاقمی تیرۆرستی بەدوای خۆدا هینا، بە ناوی مقاومەی ئەمریکا خەلکی عیراقیان لە رۆژگاریکی تا بلی‌ی تاریکدا راگرتووە، نەکۆتایی ئەم جەنگە دیارەو نە چارەنوسی سیاسی عیراق‌و نە وەستانی کارەسات‌و ئەو دەردی سەریانەی رۆژانە دەرخواردی خەلکی ئەدرێن؟

مەیدانی سیاسی عیراق بۆتە ململانێ‌و جەنگی هیزە ئیسلامی‌و نەتەوەی پەرست‌و مافیاکان، کە رۆژانە سەدان خەلکی بێتاوان‌و منالانی عیراق قوربانیەکەی ئەدەن، کە پیك هاتەی حکومەتی ئیستای عیراقیش دەوریکی سەرەکی دەبینێ لە توند کردنەوەی ئەم جەنگ‌و نائارامی سیاسی‌و کیژاوەدا.

ئەم شەرە بەردەوامەو کارەساتەکان ناوەستن‌و هیچ کام لەو لایەنانەش کارو بەرژەوندیان لەسەر راگرتنی ئەم جەنگەو ئاسایی کردنەوەی ئەم هەلومەرجەی ئیستای عیراق نییە.

رەشنوسی دەستوریك کە ئێستا ئامادە کراوە بۆ دەنگدان، بە گویرەی بەرژەوەندی سیاسی‌و دەوری ئەو هیزە کۆنەپەرستانەو دەولەتی ئەمریکا داریژراوە، ئەو بەرژەوەندیانەی هەر ئیستا وەزعی عیراقی سەرگەردان‌و ویران‌و پەرێشان کردووە، هەر ئەم وەزعیەتە بۆ خۆی کوشتنی بە کۆمەل‌و ئەنفالی زیاتری سەردەمی بەعسە، بۆیە ناوەرۆکی رەشنوسی ئەم دەستوورەش هەر لەسەرەتای خالەکانی یەکمیەوە هەرەشەمان لیدەکات‌و دەمان دەرسینێ، دریژەی فلیمی ئەم جەنگەمان پێ رادەگەیەنێ، لە هەمان کاتدا فشارمان بۆ دەهینن دەبیت پابەندو مل کەجی هیزەکان‌و دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی‌و ئەحکامەکانی ئیسلام‌و مەیدانی جەنگ بین‌و خیانەت نەکەین.

جا ئەوە زۆر پوچ‌و بێ مانایە لە سایەی رەشنوسیکی شەرخوازیدا بانگەشەی ئەوە بکریت "ئەگەر دەتەوێ ئەنفال دووبارە نەبێتەوە دەنگ بدە بە دەستوور" خودی ئیسلام داهینەرو رابەری ئەنفالە، بۆ یە ئەو دروشمە گالتەجارەو ئەم رەشنوسەش هەولدانە بۆ دابینکردن‌و رەسمیەتدان بە ئەنفال‌و کوشتنی بە کۆمەل کە دەسەلاتی سیاسی ئیستای عیراق دەیەوێ بە دەنگدانی خەلکی مسۆگەری کات، دەستووریك لە نیوان ململانێ‌و بەرژەوندی‌و ریکەوتن‌و شەری ئەو هیزە کۆنەپەرستانەدا چاپ کرێت‌و بلاوکرێتەوە، دەبیت ریگەی پێ نەدرێت

**بگاتە رۆژی دەنگدان، پەرە بەپەری بسوتینریت‌و تەپ‌و تۆزەکەی بخریتە بەر رەشەبای دەنگ‌و توورەیی جەماوەری خەلکیەوە.**

**نەك دەبێت دەنگی "نا" بە دەستوریکی لەو چەشنە بدەین، بەلکو دەبیت بەرووی ئەو هیزە سیاسیانەدا راپەرین‌و دەریان پەرێنن، چونکە پێچانەوەی تەواوی ئەو هیزە ئیسلامی‌و قەومیانە لە ساحەی سیاسی عیراقداو کردنە دەروەی هیزەکانی ئەمریکایە کە زامنی دووبارە نەبونەوەی ئەنفال‌و کوشتنی بەکۆمەلە.**